





# ڕەنگی سوور و نهێنییەکانی جوانیت

مۆدەکانی جلوبەرگەکان کارێکی شایستە و جوان دەبەخشێت، بە جۆرێك دەکرێت لەگەڵ جوانی مۆدەکان بگونجێن و بتوانین هاوسەنگی لە مۆدەکانی جلوبەرگ دابین بکەین، تەنانەت دەکرێت لە ڕێگەی مامەڵە کردن لەگەڵ ڕەنگەکان جوانترین و شایستەترین مۆدە هەڵبژێرین.

یەکێك لەو ڕەنگە سەرەنجراکێشانە، دەکرێت سوودی لێوە وەربگیرێت لە مۆدەکانی جوانکاری و یان ئەو جلانەی دەپۆشرێن. ڕەنگی سوور







# تراکسووتەکان لە مۆدەی پایزدا

خانمان لە ماڵ پێویستییان بە جلێکی فراوان و کراوە دەبێت، بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەك جوانی و لە لایەکی دیکەش فراوانی و حەسانەوە بە جەستەی خانمان بدات. ئەو مۆدانەی بەکاردەهێنرێت بریتیین لە قاتی تراکسووت، پێجاما، کیلۆت و کۆڵۆن، کراس. ئەو مۆدانەش بەبێ خواست و جوانی خانمان دەوەستێت.

لێرەدا باس لە مۆدەی تراکسووتەکان دەکەین، لە وەرزی پایز ئەوەی بە تراکسسووت دەناسرێت دەکرێت بکرێت بە چەندەها بەش، لەوانە: تراکسووت لە قوماشی نەرم – تراکسووتی قوماشەکانی جینز – تراکسووت سێ چارەگ و مۆدە کراوەکان.

جوانی جلی نووستن و ماڵ، لە ڕەنگ و شێوازی دروست کردنەکەی دەوەستێت. بۆیە دەبێ ئەو جلانە هەڵبژێرین ئەوەی سەرەنجراکێش و هەستێکی حەسانەوە و فراوانی دەدات.

# دیکۆری ژووری گ

ماڵەکەت پێویستی بە گرنگی دانی بەردەوام هەیە، لەگەڵ ئەوەی شێوازێکی کراوە و دیمەنێکی ناسك دەبێ بەدی بکرێت لە جوانی دیکۆرەکانی ماڵ. ئەو بەشە سەرەکییانەی لە ماڵدا جێگەی گرنگی و تایبەتمەندییە، دەبێ بە جوانترین شێواز دەربکەوێت و، بە تایبەت ئەو شوێنانەی جێگەی بەکارهێنان و بۆ کاری پاك بوونەوە بەکاردەهێنرێت، ئەوەی








لەگەڵ کراوەیی جلەکان دەردەکەوێت، لەگەڵ ئەوەی دیمەنێکی سەرنجراکێش دەردەخات. رەنگی سوور بۆ گشت جلەکان دەگونجێت و دەکرێت سوودی لێوە ببینرێت، وەك رەنگێکی سەرەکی لە مۆدەکان بەکاردەهێنرێت.

مەبەستمانە بریتییە لە ژووری گەرماو، یەکێکە لە پێویستی ترین بەشەکانی ماڵ، لەوەی دەبێت پاك و خاوێنی و دیمەنێکی سەرنجراکێش لەم ژوورە بەدی بکرێت. تەنانەت لە رێگەیەك دەبێ گشت کەرەستەکانی ئەو ژوورە بە پاکی و جوانی دەربکەوێت، چونکە ژووری گەرماو بە کراوەیی و ناسکی دەبێتە رێگەیەك بۆ زیاتر خۆشی و جوانی دیکۆری ماڵەکەت.

## ەرماو







# ماکیاژی یەک رەنگی









ماکیاژی رووخساری خانمان، بە پێ رەنگدانەوەی جوانی رووخساری خانمان دەردەکەوێت، چەندەها مۆدەکانی ماکیاژ هەن، بە گوێرەی ئەو رووخسارە دەگونجێت و لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەو ستایلە گرنگانەی بۆ ناسکی و کراوەیی لە مۆدەکانی ماکیاژ دەردەکەوێت.

یەکێك لە جوانترین مۆدەکان دەبێتە ماکیاژی یەك رەنگی بۆ بەکارهێنان لە رەنگی ئەساس.

رەنگی ئەساس یان رەنگی گشتی رووخسار، دەکرێت بە جوانترین شێوازەکان دەربکەوێت، لەم مۆدانە رەنگی ئەساسەکان لە یەك رەنگی تایبەت ئامادەکراوە و بەمەش جوانییەکی کراوە، ناسك دەدات. یەك رەنگی بۆ ماکیاژ بە تایبەت رەنگە کراوەکان وەك:

سپی کراوە – پەمەیی ئاچوخ – قاوەیی رۆژئاوایی، ئەمەو ئەو رەنگانە بە سەرنجراکێشترین رەنگ دادەنرێن بۆ رەنگی گشتی و ئەساسی ماکیاژەکان.



شێلان (میساج) بۆ مرۆڤ وەک کارێکی بەسوود و کار دەکات لەسەر هێورکردنەوەی جەستە و ماسولکەکان، تەنانەت لە جیهاندا وەک پیشەیەکی سەرەکی و بەهێز دەناسرێت. کەچی وادیارە بەم دواییە شێلان لەلایەن مرۆڤ ناکرێت،

## مەیموون ئافرەتی خۆشناوێت!





کاتێک گیاندارە درندەکان هێرش دەکەنە سەر مرۆڤ، ناتوانرێت بە ئاسانی کۆنترۆڵ بکرێن، ئەمەش بەهۆی بەهێزی ئەو گیاندارانە، کەچی بەم دواییە گیاندارە ناترسناکەکانیش فێری هێرش کردن بوونە بۆ سەر کەرەستە و کەلوپەلی مرۆڤ. ئەمەش دەبێتە یەکێک لەو حاڵەتە سەیرانەی بە جۆرێک نەتوانراوە کۆنرۆڵی بکرێت. حاڵەتەکەش بریتییە لە پەلاماری کۆمەڵە مەیموونێک بۆ سەر ئۆتۆمبێلی ئافرەتێک، دوای ئەوەی ئافرەتە راو دەنێن و ئیتر دەستکاری کەرەستە و کەلوپەلەکانی ئافرەتەکە دەکەن، دواتریش وەک توڕە بوونێک سەرتاپای ئۆتۆمبێلەکە بەرد باران دەکەن.



## بووک و زاوای مرۆڤ و ئەسپ



وەک کارێکی پیرۆز و جیاوازی لە تەمەن و رەگەز، دوو کەس بوون بە هاوسەری یەکتر، هاوسەریان جێگەی سەمەری گشت کەسێکە، چونکە جیاوازییەکی گەورە نێوان زاوا و بووک هەیە. جیاوازییەکە لە درێژی باڵا و تەمەندا بەدی دەکرێت.

خانمە بووک (برۆک)، خەڵکی وڵاتی ئیرلەندایە و تەمەنی (٢٩) ساڵە، درێژی باڵای نزیکەی (١٨٠) سەنتیمەتر دەبێت، (جاکی) زاواش، تەمەنی (٢١) ساڵە و درێژی باڵای دەگاتە (١٦٥) سەنتیمەتر، بەهەر چۆنێک بێت ئەو دوو کەسە بوون بە هاوسەری یەکتر، لەگەڵ ئەوەشدا هەریەکە لەوانە خاوەن دوو ئەسپن، ئەسپەکانیش هەمان سیفاتی خۆیان هەیە لە بەرزی و تەمەن، بۆیە ئەوانیش لە رۆژی ئاهەنگی خۆیان بوون بە هاوسەری یەکتر.

## مارەکان میساج دەکەن





بۆیە ڕێگەیەکی دیکەیان دۆزیوەتەوە.

ڕێگەی دووەمی شـێلانی مـرۆڤ، بە هۆی مار دەبێت، مارەکان جەستەیان نەرمە و دەتوانن جووڵەی نەرمیش ئەنجام بدەن. ئەمەش دەبێتە ڕێگەیەکی تازە لە بواری شێلان، چونکە مار دەتوانێت جەستە بکوشێت و زیاتر پاڵپەستۆ بخاتە سەر جەستەی مرۆڤ، لەگەڵ ئەوەشدا پێستی نەرمە، بۆیە کەشێکی خۆش دەنوێنێت لە کاتی شێلان هەر مرۆڤێك، ئەوەی شێلانی دەستی مرۆڤی نەوێت دەتوانێت بە مار شێلان بکات.

## (٢٢) دووپشکی لە نێو کاتژمێر خوارد





هاوڵاتییەکی وڵاتی سعودیە، دوای ئەوەی بەهرەیەکی سەیری خۆی ئاشکرا دەکات، بەهرەکەشی بریتی دەبێت لە خواردنی دووپشك، نەوەك دووپشکی مردوو، یان پارچەیەکی جەستەی دووپشك. (ماجید ئەمالکی) یەکێکە لە کەسانەی تواناکان و بەهرەکانی دەرخست لەبەرچاوی چەندەها خەڵك.

نمایشێکی تایبەت بە خواردنی دووپشك، لە ماوەی تەنیا (٣٠) کاتژمێر، (٢٢) دووپشکی ساغ و زیندووی نۆش کرد، ئەمەش وەك نازناوێك بۆ ریکۆرد کردنی لە ژمارە پێوانەییەکانی کتێبی گینس. حاڵەتی ئەو گەنجە وەك خولیایەك لە تەمەنی منداڵی فێری خواردنی دوو پشك بووە و تا ئێستاش ناتوانێت وازی لێبهێنێت.

## ڕەش پێستێک بووە سپی پێست




ڕەنگ و ڕووخساری مرۆڤ بە شێوەیەك کاتێك لە دایك دەبێت دەردەکەوێت لە چ جۆرە ڕەنگ و سیمایەك دەبێت، کەچی هەندێك لە مرۆڤەکان هەست دەکەن لە سەر و سیما و ڕووخساریان رازی نین، بۆیە پەنا دەبەنە بەر گۆڕینی ڕووخسار یان کاری نەشتەگەری بۆ زیاتر جوانکاری.

ئەوەی دەیبینن کچێکە لە تەمەنی بچووکی ڕەش پێست دەبێت، بەهۆی حەز کردنی بە سپی پێست، بە چەندەها نەشتەگەری و کاری جوانکاری توانای سیما و ڕووخساری بگۆڕێت بۆ سپی پێست.

لۆیریان مارك، ئەو خانمەیە لە وڵاتی ئەمەریکا دژیێت و ئەوەی سەیری وێنەی بە بچووکی بکات لەگەڵ شێوەی ئێستای هەرگیز باوەڕ ناکات هەمان کچ بێت.





# فڕۆکەی کرم

لایەنە تەکنۆلۆژییە و پیشەسازییەکان ڕۆژانە لە داهێنانی کاری تازە ناوەستن و لەگەڵ ئەوەی بەرهەمی تازەیان جێگەی سەرسوڕمانی خەڵکە، ئەگەر ڕۆژێك شتێکی درێژ وەك ستوونێك لە ئاسمان بوو، لەلات سەیر نەبێت و سەسوڕمان نەتگرێت، لەم کاتە بیرت بۆ فڕۆکەیەکی سەیری لەم جۆرە بچێت و وا مەزندە بکە فڕۆکەیەکی تازەیە. ئەوەی دەیبینن فڕۆکەیەکی تایبەتە، یەکێکە لە بەرهەمەکانی تازەی بواری فڕۆکەوانی وڵاتی چیك، توانیویانە فڕۆکەیەك دروست بکەن لە شێوەی (کرم)، دەتوانێت بە ئاسانی خۆی بچەمێنێتەوە و لەگەڵ ئەوەشدا بە چەندەها شێوە خۆی بنوێنێت، زیاتر ئەو فڕۆکەیە بۆ کاری نمایشی تایبەت و سیخوڕی بەکاردێت.

# مۆدەی قژە سەیر

بەم دواییە چەندەها مۆدەی سەیر دەرکەوتووە لە بواری مۆدەکانی قژ، وەکو ئەوەی هەندێك لە گەنج و لاوان قژەکانیان بە جوانترین و سەیرترین شێواز دەردەخەن، تەنانەت ڕوو لە کاری نەشتەرگەری و جوانکاری دەکەن بۆ ئەوەی ببن بە خاوەنی قژێکی سەیر.


ئەوەی دەیبینن دوو جۆرە مۆدەی قژە،



# نمایشەکانی ئازاردانی جەستە بەردەوامە

نمایشەکانی ئازاردانی جەستە بەرەو چەندین ڕێگەی دیکە خۆی گرتووە، بە جۆرێك لە مانای ئازاردانی جەستە مانایەکی دیکەی لێوە دەبینرێت، لەوەی چۆن دەتوانن ئەو جەستە جوانانەیان ئازار بدەن، نەوەك تەنیا ئازاردان لەگەڵ ئەوەش خەڵکانێك لە خۆیان کۆ دەکەنەوە بۆ ئەوەی بە ماوەیەکی کورت گەورەترین جەماوەر بەدەست بهێنن.

ئەوە دوو دیمەنی زیندووە لە نمایشێکی گەورە و تایبەت بۆ ئازاردانی جەستە وەرگیراوە، تیایدا ئافرەتێك و پیاوێك لەبەردەم سەدەها کەس خۆیان بە قولاب هەڵواسیوە و بۆ ئەوەی شتێکی جوان نیشان بدەن. بەمەش دەبێت بە سەیرترین نمایشی لەم جۆرە تا ئێستا لە سەدەی ٢١ پێشکەش دەکرێت.





# بۆ ئەو شوفێرانەی ئۆتۆمبێلەکانیان سارکردنەوەیان تێدانییە



## ...رەكان بەردەوامە

ئێستا وەکو مۆدەیەکی باو لە وڵاتانی کیشوەری ئوروپا، هەڵدەستن بە دانانی شێوەیەك لە پشتەوەی سەریان بۆ ئەوەی ببێتە دیمەنێکی سەرەنجراکێش، یان بۆ کۆکردنەوەی نازناو، لەلای ئەو دوو گەنجە جوانی و گرنگی بە مۆدەکانی قژ لە سەرووی گشت کارەکانیانە و ڕۆژانە ئاگاداری و چاودێری قژەکانیان دەکەن.





## بەری ئەم درەختە لە رووخساری مرۆڤ دەچێت


یەکێك لە بەروبوومە سرووشتییەکانی جیهان، جێگەی سەمەرەی گشت خەڵکێك دەبێت، کاتێك ئەوەی سەیری ئەو دارە بکات. داری لەم جۆرە نەبینراوە و ئێستاش وەك دارێکی راستەقینە وایە. ئەو دارە بخەسڵەتی سەیر لەخۆ دەگرێت و دەبێتە سەیرترین داری جیهان. لەلایەنێك ئەو دارە لە ناوەڕاستی دیوارێك رواوە، لەگەڵ ئەو هێز و توانایەی هەیەتی، ئەوەی سەیرتر بێت و جێگای تێڕوانین بێت بەروبوومی ئەو دارە لە بەربوومەکانی دیکە جیاوازی دیکەی هەیە، چونکە بەرووبوومەکانی ئەو دارە جۆرە بەرووبوومێکە لەسەر شێوە و رووخساری مرۆڤ دەردەکەوێت. تا ئێستاش نازانرێت بۆ ئەم بەرووبوومە بەم شێوەیە دەردەکەوێت، ئەو دارە لە یەکێك لە هەرێمەکانی وڵاتی کینیایە لە کیشوەری ئەفریقیا.



وەرزی گەرما وا لە مرۆڤ دەکات هەست بە بێزاری و ناخۆشییەکی گەورە بکات، تەنانەت بێزاربوون و گرژی و توندی ئەنجامی گەرمایە، بە تایبەت شۆفێرەکان، ئەوانەی ئوتۆمبێلەکانیان ساردی نییە و بەم گەرمییە لەناو ئەو پارچە ئاگر و ئاسنە دەکوڵێن.

بەسەرهاتێکی جوان و سەیر لەم هەواڵە بەدی دەکەین، کاتێك پیاوێکی لە وڵاتی بولگاریا، کارێکی سەیر دەکات بۆ ئەوەی لەناو ئوتۆمبێلەکەی ساردی هەبێت. ئەویش بە دانانی موەلیدەیەکی کارەبا و لەگەڵ کوندێشنێکی ساردکردنەوە. ئەو پیاوە ناوی (جۆش)ە و دەڵێت: پێویست ناکات ئوتۆمبێلێکی دیکە بکڕم و تا بیرۆکەی خۆم هەبێت.

## پیاوێك رووخسار دەکاتە سەگ



زۆرن ئەوانەی لاسایی کەسانی دیکە یان لایەنی دیکە دەکەنەوە، بە جۆرێك دەتوانن کاری وا بکەن ببێتە جێگەی سەرەنجراکێشان و کاری تازە لە بوارەکانی نازناو وەرگرتن و یان بۆ چوونە ناو پێوانەیی کتێبی گینس بۆ ژمارە پێوانەییەکان. ئەو پیاوە خەڵکی وڵاتی کەنەدایە و ناوی (کیرۆس)ە و تەمەنی نزیکەی (٢٩) ساڵە، بەهۆی خۆشەویستی بۆ سەگێکی خۆی، هەڵسا بە لاسایی کردنەوەی سەگەکەی.

لاسایی لە رەفتار و جووڵە ناگرێتەوە، چونکە لاسایی ئەو پیاوە جیاوازە لەگەڵ هەموو لاساییەك، لاساییەکە لە نەشتەرگەری بۆ گۆڕینی شێوەی رووخسار، بۆ ئەوەی رووخساری پیاوەکە وەك رووخساری سەگەکەی بێت.




# كراسی بووك وەك توولەی پەری



ئەمــە دەبێتــە یەكێك لە ســەیرترین كراسەكانی بووك، كراســێكە لە شێوەی توولی پــەڕی دەچێت. وەك ســەیرترین كراســی بووك دادەنرێت و دەبێتە تازەترین مۆدەكانی كراس لە جیهاندا. وەك لە وێنەكەدا دەبینن بە ســەیرترین شــێواز دەردەكەوێت و، بەمەش دەبێتە یەكەم كراس لە شــێوەی توولەی پەری دروست كراوە.




# ئەو مـــــنداڵە بخۆ

وا هەســت مەكەن ئەوە منداڵێك بێت و ئەوەندە بچووك بێــت، چاكترە بزانن ئەوە منــداڵ نییە و جۆرێكە لە شــیكۆلاتە، دەكرێت بیخەیتە ناو پەنجەكانی دەستت و یان بكرێت بە ناو دەم، ئەوەی ســەیر بێت كێ دەتوانێت منداڵی لەم جۆرە بخوات یان بیخاتە ناو دەمی!

## بۆ ئاســوودەیت

☺ - جارێكیــان پیاوێك بۆ یەكەم جــاری دەبێــت بچێتە ســینەما، لە سینەما فیلمێك دەبێت لەسەر گایەكی سەر شێت بەناو خەڵك دەكەوێت، پیاوەكە هەڵدەســتێت و دەمانچە دەردەهێنێت و دەڵێ ئەو گایە دەكوژم!
خەڵكیش پێیدەڵێن كاكە دانیشە ئەوە فیلمە!
ئەویش دەڵێ من دەزانم فیلمە بەس ئەو گایە چوزانێت فیلم چییە!

☺ - پیاوێك جارێك لە ماڵ دەبێت و زۆر تورە دەبێت، لە ناكاو هەڵدەستێت و دەڵێت : ئەوەندە بێزارم دەڵێم هەســتم خــۆم بكــوژم و منداڵەكانیش بكوژم ئینجا راست بڕۆم!




**كاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**
دوای چاوەڕوانییەكــی زۆر نهێنییەكت لا ئاشكرا دەبێت و ئەنجامی گرنگی بەدواوە دێت، چارەســەرێكی گونجاو ئەدۆزیتەوە بۆ كۆتایی هێنان بە گرفتە داراییەكانت .



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**
هەســت بە نیگەرانی دەكەی ئەویش بەهۆی ســەرنەكەوتنی هەوڵەكانــت بــۆ لەیادكردنی خۆشەویستی یەكەمت، ئەركەكانی خۆت لەكاتی دیاریكراو جێبەجێ بكە نەوەك ببێتە هۆی توڕەبوونی بەڕێوەبەرەكەت.




**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**
كاتێكــی زێڕینت لــە بەردەمــە و چەندین دەرفەتت دێتە پێش كە ئەنجامی گرنگی پێیە بۆتۆ بە مەرجێك بتوانی بە باشــترین شــێوە خۆت ئامادە بكەی، هاوڕێیەكت پێویستی بەیارمەتی تۆ هەیە.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**
ئێستا كاتی ئەوە هاتووە هەموو ڕاستییەكان ئاشــكرا بكەی بۆ خۆشەویســتەكەت بۆ ئەوەی دڵنیا بێت لەوەی بە ڕاســتی خۆشــت ئەوێت، لەبەرامبەردا ئەویش زۆر نهێنیت پێ دەڵێت.




**شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢**
هەڵەی ڕابردوو دووبارە مەكەوە لەوەی بڕیاری خێرا بدەی، ئەم ماوەیە قۆناغێكی هەستیارت دێتە پێش و پێویســتە پێش ئــەوەی بڕیارێك بدەی بیر لە ئەنجامەكەی بكەیتەوە و باشترین ڕێگا هەلبژێریت.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**
بەشــداریكردنت لە بۆنەیەكی كۆمەڵایەتیدا دەبێتە هۆی ناسینی كەسێك و درووستبوونی پەیوەندییەكی سۆزداری، بەتێپەڕبوونی كات باری داراییت باشتر دەبێت.

ئا/ هێمن قەسرەیی





## ئاسۆیی:

١- کچە گۆرانیبێژێکی عەرەبە خاوەن وێنەی یەکەم.
٢-چاوپێکەوتن(پ)- پێنج پیتی رامان
٣-کەشتییەکی بەناوبانگە- سێ پیتی هاوای.
٤- رەش بە فارسی (پ)- پایتەختی وڵاتێکی ئەفریقیە .
٥- دارێکە(پ)- هەواڵ (ت).
٦- ئاو(ت)- وەکو یەك.
٧- ئێمە(پ)- نیوەی شاهۆ- ناوی دووەمی گۆڵچی هەڵبژاردەی عێراق (پ).
٨- دۆزەرەوەی تانك(پ)- بردی.
٩- پێنج پیتی لالاو — پیتێکی مۆسیقایە(پ).
١٠- وڵاتێکی ئەفریقیە(پ)- زیندەوەرێکە.
١١دەکار(ت)- دورگەی شەیتان.
١٢- دۆزەرەوەی یاری وشەی یەکتربڕ.

## ستوونی:

١- پاڵەوانی جیهانی لە یاری گۆلف.
٢- شارۆچکەیەکی کوردستان(پ) — پێوەرێکە.
٣- مانگی ئازار- خۆزگە و هیوا(پ).
٤- دیت(ت)- شاعیرێکی ئیسپانی بوو.
٥- دراوێکە- پێویستی کارەبا.
٦- جۆرە ئۆتۆمبیلێکە(پ) — پیتێکی مۆسیقایە(پ).
٧- دوورگەیە کە ئەمەریکا(پ)- نیوەی بەدر.
٨- پایتەختی وڵاتێکی ئەوروپیە(پ)- وەکو یەك.
٩- مامە بە عەرەبی- پێغەمبەرێکە- قژ.
١٠- شارێکە لە هۆڵەندا(پ)- یانەیەکی قەتەریە — لە کۆیتە.
١١- تەلە- جۆرە جلوبەرگێکی ئیتالی یە.
١٢- کچە هونەرمەندێکی ئوسترالیە خاوەن وێنەی دووەم.

ئا/ فەرهاد محەمەد ئاژگەیی

## بۆ زاخاوی مێشك



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..


☐ ☐ ☐ ☐ ☐ ☐ ☐

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٣) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (بۆ بە زمانی هەولێری)
- پیتی خانەکانی (٣+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچوانەی تاك)
- پیتی خانەکانی (٣+٢+١+٤) کۆبکەیتەوە بە مانای (خواردنەوەیەکی گازییە و رەنگی رەشە)
- پیتی خانەکانی (٣+١) کۆ بکەیتەوە بە مانای (کەرەستەیەکە بۆ رەشکردنی چاوی خانمان بەکاردەهێنرێت)!

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (وەنەوشە) بوو




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**
هەستی خۆت مەشارەوە و قسەی ناخی دڵت بە کەسی بەرامبەرت بڵێ، ئەم هەفتەیە ئاگاداری باری تەندروستیت بە و راهێنانی وەرزشی ئەنجام بدە.



**دووپشك ١٠/٢٣ - ١١/٢١**
ئەم هەفتەیە بەخت دەبێتە هاورێی ئەوانەی خاوەنی ئەم بورجەن و کاتێکی زۆر خۆش بەسەر دەبەن، ئەو کارانەی دواتر خستبوون وا باشە لەم هەفتەیەدا جێبەجێیان بکەی لەبەر ئەوەی بەخت هاورێت دەبێت.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**
پێویستە کەمێك چاوەڕوان بیت بۆ گەیشتن بە خەونەکانت، هەندێك گۆڕانکاری بچووك روودەدەن کە لەبەرژەوەندی تۆ دا نین مەهێڵە کار بکەنە سەر تەواوی ژیانت.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**
کەسێك دەیەوێت پەیوەندی تۆ و هاورێیەکت کۆتایی پێ بێنێت، بڕوا بە قسەکانی مەکە و پەیوەندی نێوان خۆت و هاورێکەت بەهێزتر بکە، هەواڵێکی خۆشت پێدەگات.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**
توانای خۆت بسەلمێنە و بەرگری لە مافەکانی خۆت بکە، کەسانی دەوروبەرت گومانیان هەیە لەتوانای تۆ باشترین هەنگاو ئەوەیە بۆیان بسەلمێنیت کە توانایەکی بێ سنوورت هەیە.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**
خۆشەویستەکەت هێشتا تۆی لەیاد ماوە و ناتوانێت لەبیرت بکات، ئەگەر تۆش هەمان هەستت هەیە بەزووترین کات سەردانی بکە و پەیوەندی خۆشەویستی نوێ بکەوە.

hemntoni@yahoo.com